لە ئێمە نییە کەسێک: کە ڕەحم وبەزەیی نەیەتەوە بەرامبەر بە بچووکەکانمان، وڕێزی گەورەکانمان نەزانێت

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە ئێمە نییە کەسێک: کە ڕەحم وبەزەیی نەیەتەوە بەرامبەر بە بچووکەکانمان، وڕێزی گەورەکانمان نەزانێت (ڕێز لە گەورەکانمان نەگرێت)».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم هەڕەشە وئاگادار کردنەوەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم تاوانە لە تاوانە گەورەکانە، ئەوانە دەگرێتەوە کە بەزەیی وڕەحمیان نییە بەرامبەر بە منداڵ وتەمەن بچووکان لە مسوڵمانان وچاکەکار وڕوو خۆش نین بەرامبەریان، وڕێز ناگرن لە گەورە و بەتەمەکان وقەدریان نازانن بەو شێوەی کە شایستەت لە بە گەورەدانان وڕێزگرتن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3083